Maahanmuuttovirasto
Migrationsverket
Finnish Immigration Service

# خولی تایبەت بە کۆمەڵگای فینلاندی

## لەکاردا لەفینلاندەدا

# ووشەکانی ژیانی کارکردن

**گرێبەستی کار**
کرێکار و خاوەنکار گرێبەست ئەنجام دەدەن. لەگرێبەستدا کرێکار بەڵێن دەدات کارێک کەڕێککەوتوون لەسەری ئەنجام بدات و خاوەنکار بەڵێن دەدات لەبەرامبەردا مووچەیەک کەلەسەری ڕێککەوتوون بدات. لەگرێبەستدا بۆ نموونە ڕێککەوتن لەبارەی مووچە، کاتی کارکردن، ماوەی خایاندنی پەیوەندیی کار و ئەرکەکانی پەیوەست بەکارەوە دەکرێت. گرێبەست دەکرێت نووسراوبێت، زارەکی یان ئەلیکترۆنی بێت. باشترە گرێبەست بەنووسراو ئەنجم بدرێت.

**پەیوەندی کار**
کرێکار و خاوەنکار پەیوەندی کاریان لەنێواندا هەیە، کاتێک کەگرێبەستی کار ئەنجام دەدەن.

**ڕێککەوتنی مەرجەکانی کار**
ڕێککەوتنی مەرجەکانی کار یەکێتی پیشەیی و ڕێکخراوی خاوەنکاران پێکەوە لەبارەیەوە ڕێکدەکەون. لەڕێککەوتنی مەرجەکانی کاردا لەبارەی مەرجەکانی کارەوە ڕێککەوتن دەکرێت، کە لەهەندێک ڕشتەدا پێڕەویان لێدەکرێت. مەرجەکانی کار بۆ نموونە بریتین لەمووچە، کاتی کارکردن، پشووەکان. لەگرێبەستی کاردا دەبێت زانیاری لەوبارەیەوە، کە خاوەنکار چ ڕێککەوتنێکی مەرجەکانی کار دەگونجێنێت.

**یەکێتی پیشەیی**
ڕێکخراوێکە، کە کرێکارانی هەمان ڕشتە تێیدا ئەندامن. یەکێتی پیشەیی لەگەڵ نوێنەری خاوەنکاراندا گفتووگۆ دەکات لەبارەی مەرجەکانی کاری کرێکارانەوە، مووچەوە، کاتی کارکردنەوە. لەشوێنیکاردا کەسی متمانەپێکراو نوێنەرایەتی یەکێتی پیشەیی و کارمەندانی ئەندام تێیدا دەکات. داواکاری پێگەی پەنابەرێتی یان کەسێک کە پاراستنی کاتی وەردەگرێت دەتوانێت سەر بەیەکێتی پیشەیی بێت.

**فەرمانگەی پاراستنی کار**
لەفینلاندەدا چاودێریکردنی پاراستنی کار لەلایەن فەرمانگەی میریی پاراستنی کارەوە بەڕێوەدەبرێت. ئەرکی فەرمانگەی پاراستنی کار چاودێریی ڕێساکانی پەیوەند بەپارێزراویی کار و پاراستنی کارە و ئەوەش، کە خاوەنکار لەپەیوەند بەکاتی کار و مووچەپێدانەوە پێڕەوی لەیاسا دەکات. کرێکار هەمووکات دەتوانێت پەیوەندی بکات بەپاراستنی کارەوە، ئەگەر پرسیارێک لەبارەی پەیوەندی کارەوە یاخود پارێزراوی کارەوە هەبێت. پاراستنی کار هەروەها ئەوەش دەگەیەنێت، کە دەبێت لەشوێنی کاردا هەڵسەنگاندن بکرێت لەوبارەیەوە، کە چ مەترسییەک لەوێ بوونی هەیە.

# کەی دەتواندرێت کار بکرێت؟

وەک داواکاری پێگەی پەنابەرێتی دەتوانیت دەست بکەیت بەکار:

- 3 مانگ لەپاش ئەنجامدانی داخوازی پێگەی پەنابەرێتییەوە، ئەگەر بەڵگەی گەشتکردنی بەرکارت هەبێت کە مافی تێپەڕاندنی سنوورت پێ بدات (پاسپۆرت)
- 6 مانگ لەپاش ئەنجامدانی داخوازی پێگەی پەنابەرێتییەوە بەبێ بوونی بەڵگەی گەشتکردنی بەرکار.

مافی کارکردن بەو شێوەیەی خوارەوە بەرکار دەبێت:

- بڕیاری ئەرێنی: ئەگەر بڕیاری ئەرێنیت پێدرا، لەزۆربارادا دەتوانیت بەردەوام بیت لەکارکردن لەفینلاندەدا. کارتی مۆڵەتی مانەوەت پێدەدرێت، کە دەتوانیت چاوی لێبکەیت، داخۆ مافی کارکردنت لەفینلاندەدا هەیە.
- بڕیاری نەرێنی: ئەگەر بڕیاری نەرێنیت پێدرا و تانە لەبڕیارەکە دەدەیت، دەتوانیت بەردەوام بیت لەکارکردن هەتا ئەوکاتەی بڕیاری شایەنی چوونەبواری جێبەجێکردنت پێ دەدرێت. مافی کارکردنت کۆتایی پێدێت، کاتێک بتوانرێت بەپێی یاسا لەووڵاتەکە دەربکرێت.

بۆ ئەو کەسانەی کە پاراستنی کاتی وەردەگرن، مافی کارکردن ڕاستەوخۆ دوای پێشکەشکردنی داوا دەست پێدەکات و بەردەوام دەبێت تا ئەو کاتەی مۆڵەتی نیشتەجێبوون کارا بێت.

مافی کارکردنی داواکاری پێگەی پەنابەرێتی یان ئەو کەسەی کە پاراستنی کاتی وەردەگرێت هاوتانیە بەبابەتی مۆڵەتی مانەوەی کرێکار. مافی کارکردنەکەت بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەست پێدەکات. ئاگادارکردنەوەت بەجیا بۆ ڕەوانە ناکرێت، وە پێویستیش ناکات بەجیا لەوبارەیەوە داوای مۆڵەت بکەیت.

مافی کارکردنی داواکاری پێگەی پەنابەرێتی مافی کردنەوەی کۆمپانیا یان هەڵسووڕانی پیشەکار لەخۆناگرێت، بەڵکو بۆ ئەو کارە پێویستیت بە مۆڵەتی مانەوەی جیاواز دەبێت. لە بەرامبەردا ئەو کەسانەی کە پاراستنی کاتی وەردەگرن، مافی دامەزراندنی کۆمپانیا یان ناوی کاسبکارییان هەیە.



# سەلماندنی مافی کارکردن

ئەرکی خاوەنکارە، کە بەدواداچوون بکات لەوبارەیەوە کە کرێکاری بێگانە مافی کارکردنی لەفینلاندەدا هەیە.

خاوەنکار یان کارخواز دەتوانێت لە ڕێگەی ئیمەیڵەوە دەربارەی مافی کارکردن پرسیار لە فەرمانگەی کۆچ بکات بەخۆڕایی. نامەکە وەک ئیمەیڵێکی نهێنیکراو دەنێردرێت بۆ ناونیشانی tto@migri.fi.

لەسەر ماڵپەڕی فەرمانگەی کۆچ زانیاری هەنووکە لەبارەی مافی کار کردنەوە هەیە: **www.migri.fi/todistus-tyonteko-oikeudesta**

**ئاگاداربە خاوەنکار، کە بەبێ بوونی مافی کارکردن خەڵک دەخاتە سەرکار! پێدەچێت تاوانباربیت بە سەرپێچیکردن یان تاوان**

# داواکردنی کار

- یەکلایی بکەرەوە، کە لەو ناچەیەی تێیدا دەژیت چ کارێک پێشکەش کراوە بۆ داواکردن و پەیوەندی بکە بەخاوەنکارەوە. ئاوەڵابە لەبەرامبەر ئەگەری بەدەست هێنانی هەرکارێکدا.
- داواکاری کار وە ئەزموونی کار و خوێندن واتە CV بنووسە. لەناوەندی پێشوازیدا دەتواندرێت هەڵسەنگاندن بۆ شارەزاییت بکرێت و دەتوانیت لەبری ئەزموونی کار و خوێندن بەکاری بهێنیت
- دۆزینەوەی شوێنی کار، ئاسانتر دەبێت ئەگەر زمانەکانی فینلاندی یان سویدی بزانیت. خوێندنی زمان هەمیشە هەڵدەگرێت.
- لەفینلاندەدا داواکردنی کار زۆربەرجار لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە دەبێت. دەتوانیت فۆرمی داواکردنی کار لەسەر ماڵپەڕی داواکردنی کار پڕبکەیتەوە یاخود داواکاری کار لەڕێگەی ئیمایلەوە ڕەوانەبکەیت.
- ئەگەر بەربژێرێکی گونجاوبیت، پێدەچێت بانگهێشت بکرێیت بۆ دیمانەی گفتوگۆکردنی کار. خۆت ئامادەبکە بتوانیت ڕوونی بکەیتەوە بۆچی تۆ کرێکارێکی گونجاویت بۆ ئەو ئەرکی کارەی داوات کردوە.

# دەبێت چی بکرێت پاش دۆزینەوەی کار؟

هەمیشە **گرێبەستی** نووسراو لەگەڵ خاوەنکاردا ئەنجام بدە. باشترە تەنانەت لەبارەی پەیوەندی کارێکی کورت خایەنیشەوە گرێبەستی نووسراو ئەنجام بدرێت. هیچ کاغەزێک واژۆ مەکە، ئەگەر لێیان تێناگەیت. لەسەر گرێبەستەکە لایەنیکەم دەبێت ئەوانەی خوارەوە دیاریکرابن:

- مووچە
- کاتی کارکردن
- ماوەی خایاندنی پەیوەندی کار وە
- ئەرکەکانی کار.

تێکڕای ئەوانەی کاری داهاتدار دەکەن لەفینلاندەدا باج دەدەن. تۆش دەبێت **بەڵگەی باج** بەدەست بهێنیت. بڕی باجەکان ڕاستەوخۆ لەمووچەکەت کەم دەکرێتەوە. بۆ داواکردنی بەڵگەی باج پێویستیت بەپێناسی کارداریی ناوەندی پێشوازی دەبێت.

**مووچە** لەگرێبەستەکەتدا دیاری دەکرێت. دەبێت لایەنیکەم هێندەی ئەو بڕە بێت کەلە ڕێککەوتنی مەرجی کاری ڕشتەکەدا ڕێککەوتنی لەبارەوە کراوە. مووچە دەبێت لایەنیکەم مانگی جارێک بدرێت. لەمووچەکەت بڕی ئەو باجانەی دەیاندەیت واتە باجی هەڵگیراو وە لێبڕینە یاساییەکانی دیکەش کەم دەکرێنەوە.  دەبێت تۆ لەگەڵ مووچەکەدا بەڵگەی ئەژمارکردنی مووچەش وەربگریت، کە تێیدا مووچەکەت هەروەها باج و لێبڕینەکانی دیکەشی تێدا بەدی بکرێت. کاژێریکارکردنت لای خۆت تۆماربکە و هەرجارێک پێداچوونەوەی بۆ بکە، داخۆ زانیارییەکانی سەر بەڵگەی ئەژماری مووچەکە دروستن.

بەگشتی بۆ پێدانی مووچە پێویست **بەئەژمێری بانکیی** دەکات. ئەگەر دەتەوێت کە مووچەکەت بخرێتە سەر کارتی پری پەید (کارتی پێشوەخت پارە لەسەر دانراو)، ئەوا دەبێت کە گرێبەستی کار بەنووسراو نیشانی ناوەندەکە بدەیت.

تێبینی ئەوە بکە، کە مووچە کاریگەری دەبێت لەسەر بڕی پارەی پێشوازی و بەندە بەداهاتەکەتەوە و پێدەچێت ناچاریش بیت خەرجی مانەوە، ژەمەخۆراک هەروەها خەرجییەکانی تەندروستیش بدەیت. لەلایەن کارمەندی کاروباری کۆمەڵایتی ناوەندی پێشوازییەوە زانیاری زیاترت پێ دەدرێت.




# ڕاهێنانی بێ مووچە

ڕاهێنانی بێ مووچە نەناسراوە لەیاسای فینلاندیدا. ئەوە تەنها کاتێک لەتوانادا هەیە کە بەشێک بێت لەخوێندن یاخود لەخوێندنێک کەلەلایەن نووسینگەی کارو گەشەپێدانی ئابوورییەوە ڕێکخرابێت. لەبەرامبەر ڕاهێناندا یاخود کارکردندا هەمیشە دەبێت بەشێوەیەکی بابەتیانە مووچە بەدەست بهێندرێت. ڕاهێنانی بێ مووچە هەمیشە مەترسی نابەجێ بەکارهێنانی لێ دەکەوێتەوە. بەزۆری باس لەسەر کارێکە، کە دەبێت لەبەرامبەردا مووچەیەکی ئاسایی بدرێت.

داواکاری پێگەی پەنابەرێتی و ئەو کەسەی کە پاراستنی کاتی وەردەگرێت لەژیانی کاردا هەمان ماف و ئەرکی هەیە وەک هەر کرێکارێکی دیکە. لەفینلاندەدا بەپێی یاسا نابێت مووچەی کەمتر بدرێت لەسەر ئەو بنەمایەی، کە کرێکارەکە بیانییە.

# مافەکان لەکاردا

تێکڕای ئەوانەی لەفینلاندەدا کاردەکەن هەمان مەرجی کار دەیانگرێتەوە. کرێکارانی بیانی و فینلاندی دەبێت وەکویەک مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت. وەکو کرێکار تۆ مافی:

- گرێبەستی کار بەنووسراو و مەرجەکانی کارت هەیە
- مووچە بەپێی گرێبەستی کار و ڕێککەوتنی مەرجەکانی کار، کاتی کار و پشووی مووچەدارت
- پشووی ڕێکخراو لەنێو کاتی کارکردنتدا
- قەرەبووکردنەوە لەبەرامبەر کاری زیادەدا
- ژینگەی کاری پارێزراوت
- سەرپەرشتی تەندروستی و مۆڵەتی نەخۆشیت
- شارەزاکردن لەکارەکەتدا
- خۆڕێکخستن لەیەکێتی پیشەیی و ئەندام بوون تێیدا
- ئاگادارکردنەوەی خاوەنکار یان فەرمانگەی پاراستنی کار لەو کێشانەی کە ڕووبەڕووت دەبنەوە، هەیە.

نابێت بەبێ بوونی مافی کارکردن کار بکەیت!

# ئەرکەکانی کرێکار

تۆ وەکو کرێکار لەبەرامبەر خاوەنکاردا ئەرکت لەئەستۆیە:

- بە وورياييەوە کارەکەت ئەنجام بدە.
- پێڕەوی لەڕێنماییەکانی خاوەنکار بکە.
- لەکاتی خۆیدا لەسەر کار ئامادە ببە.
- ئاگاداری بدە، ئەگەر نەخۆشیت یان بەهۆیەکی دیکەوە ناتوانیت بڕۆیت بۆ سەر کار.
- پێشوەخت لەبارەی ڕۆژە ئازادەکانتەوە ڕێک بکەوە.
- ئامرازە یارمەتیدەر و پارێزەرەکانی کەخاوەنکار دابینی کردوون بەکاربهێنە.
- مەترسی لەسەر پارێزراوی خۆت و کەسانی دیکە دروست مەکە.
- خاوەنکار ئاگاداربکەرەوە لەکەموکوڕییەکان و مەترسییەکان کە بەدیت کردوون.
- ئەگەر کارەکەت تەواو بوو، پرسیاری کاری زیاتر بکە.
- بابەتە نهێنییەکانی خاوەنکار لای کەسانی دیکە مەدرکێنە.
- کار بۆ کۆمپانیایەکی دیکە مەکە، کە زیان بەخاوەنکارەکەت بگەیەنێت.

## چی دەبێت، ئەگەر ڕووبەڕووی کێشەبوومەوە لەکاردا؟

دەبێت خاوەنکار پێڕەوی لەیاسا و ڕێککەوتنەکان بکات. لەبارودۆخی کێشاویدا ڕاوێژ لەگەڵ خاوەنکاردا بکە. ئەگەر بابەتەکە چارەسەر نەبوو، کارمەندانی ناوەندی پێشوازی، یەکێتی پیشەیی یاخود فەرمانگەی پاراستنی کار دەتوانن ڕاوێژت پێ بدەن.

لەو بارودۆخانەی خوارەوەدا دەتوانیت پۆلیس یان فەرمانگەی پاراستنی کار لەبابەتەکە ئاگادار بکەیتەوە:

- تێبینی دەکەیت، کە لەشوێنی کارەکەتدا یاسا دەشکێندرێت.
- توندوتیژیت ئاراستە دەکرێت یان بەئەنجامدانی توندوتیژیی هەڕەشەت لێدەکرێت.
- مووچە بەپێی ڕێکەوتن وەرناگریت یاخود تەنها لەبەرامبەر بەشێکی کاژێری کاری ئەنجامدراودا مووچەت پێ دەدرێت
- لە نۆبەی کاری زیادە زیاتر ڕەنگە بەبێ پشووی بابەتیانەش کارت پێدەکرێت. ترتیب داده میشود.



## کاتێک گرێبەستی کار کۆتایی پێهات

لەیاسای گرێبەستی کاردا کۆتایی هاتنی پەیوەندی کار داڕێژراوە. گرێبەستی کار بەگشتی لەپاش ماوەی ڕاگەیاندنی بەجێهێشتنی کار ئەنجا کۆتایی پێ دێت. لەنێو ماوەی ڕاگەیاندنی بەجێهێشتنی کاردا کرێکار بەشێوەیەکی ئاسایی کاری خۆی ئەنجام دەدات و لەبەرامبەردا دەبێت مووچەی ئاسایی پێ بدرێت. ماوەی ڕاگەیاندنی بەجێهێشتنی کار پەیوەستە بە درێژیی پەیوەندی کارەوە: لەبەرامبەر پەیوەندی کاری کورتتر لەساڵێک ماوەی ڕاگەیەندنی بەجێهێشتنی کار بەگشتی ١٤ ڕۆژە.

گرێبەستی کار دەتواندرێت تەنها لەنێو ماوەی ئەزموونیدا دەستبەجێ هەڵبوەشێندرێتەوە یاخود ئەگەر کرێکار یان خاوەنکار ئەو ئەرکانەی کە لەگرێبەستی کاردا ڕێککەوتنیان لەبارە کراوە بشکێنن یاخود سەرپێچی لێبکەن.

ووریابە، کە لەکۆتایی پەیوەندی کاردا قەرەبووکردنەوەی پشووت بەدروستی پێ دەدرێت. قەرەبووکردنەوەی پشووت پێ دەدرێت، ئەگەر تێکڕای ڕۆژانی پشووت وەرنەگرتبێت. دەتوانیت لەسەر ئەژماری مووچەکەت دڵنیابیتەوە لەبڕی قەرەبووکردنەوەی پشوو.

هەمیشە داوای بەڵگەی کار لەبارەی کارەکەتەوە بکە. کاتێک پێویستیت پێی دەبێت، کە داوای شوێنکارێکی نوێ دەکەیت. هەروەها داواش لەناوەندی پێشوازی بکە ئەزموونی کارەکەت زیاد بکەن بۆ سەر هەڵسەنگاندنی شارەزاییەکەت.

## بابەتی زیاتر

پرۆژەی لەفینلاندەدا لەماڵەوە چەند ڤیدیۆیەکی دروستکردووە کە باس لەکۆمەڵگای فینلاندی دەکەن. یەکێک لەبابەتەکانی بریتییە لە داواکردنی کار و کارکردن لەفینلاندەدا.

این ویدیو در یوتیوب وجود دارد:

ڤیدۆکان لەسەر یوتیوب لەو ناونیشانەوە

**https://www.youtube.com/c/KotonaSuomessa/playlists**

دەبیندرێنەوە.

ڤیدیۆکان بەزمانەکانی: فینلاندی، سویدی، ئینگلیزی، عەرەبی، داری، کرمانجی، سۆماڵی، سۆرانی، تای، چینی، فەرەنسی، ئیستۆنی، تیگرینیا و ڕووسی دەتوانرێت سەیریان بکرێت.

ئێشکگری قوربانیی تاوان ڤیدیۆیەکی دروستکردوە لەبارەی مافەکانی کرێکارەوە. دەتوانیت لەسەر یوتیوب وە بە ١٦ زمانی

**http://www.riku.fi/en/various+crimes/labor+exploitation**

جیا تەماشای ڤیدیۆکە بکەیت لەم ناونیشانەوە

## زانیارییەکانی پەیوەندی

- نووسینگەی باج و بابەتەکانی بەڵگەی باج
  **www.vero.fi**
  **تەلەفۆن: 029 497 000**
- ژمارەی خزمەتگوزاری بۆ کۆچبەران SAK(ڕێکخراوی ناوەندی یەکێتییە پیشەییەکانی فینلاند
  – ڕاوێژکاری یاسایی لەبارەی پەیوەندی کارەوە بێ بەرابەر
  **workinfinland@sak.fi**
  **تەلەفۆن: 0800 414 004**
- تەلەفۆنی ڕاوێژی فەرمانگەی پاراستنی کار
  **www.tyosuojelu.fi**
  **تەلەفۆن: 029 501 6620**
- ئێشکگری قوربانیی تاوان
  **www.riku.fi**
  **تەلەفۆن: 116 006**
- سیستەمی یارمەتیدانی قوربانیی بازرگانی بە مرۆڤەوە
  **www.ihmiskauppa.fi**
  **تەلەفۆن: 029 546 3177**

Maahanmuuttovirasto
Migrationsverket
Finnish Immigration Service